مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٥

# القوة النفسية للكلمات والجمل

ايفان علي رسول
مُدَرِّسة في مديرية تربية سهل
أربيل، وزارة التربية/ إقليم كردستان
evanalirasul@gmail.com

أ. د. عبدالواحد مشير محمود دزيي
قسم اللغة الكردية، كلية اللغات،
جامعة صلاح الدين/ أربيل
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الكلمة، الجملة، القوة النفسية، المعنى العاطفي، الشحن النفسي، المعنى.

**كيفية اقتباس البحث**
رسول ، ايفان علي ، عبدالواحد مشير محمود دزيي ، القوة النفسية للكلمات والجمل، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، أيلول ٢٠٢٥،المجلد:١٥ ،العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The Psychological Power of Words and Sentences

**Evan Ali Rasool**
Teacher at the Directorate of Erbil Plain Education, Ministry of Education, Kurdistan Region

**Prof. Dr. Abdulwahid Mushir Mahmood Dizayi**
Department of Kurdish Language, College of Languages, University of Salahaddin, Erbil

**Keywords** : word, sentence, psychological power, emotional meaning, psychological charge, meaning.

**How To Cite This Article**
Rasool, Evan Ali, Abdulwahid Mushir Mahmood Dizayi, The Psychological Power of Words and Sentences , Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, September 2025,Volume:15,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

The psychological power of words and sentences, expressing individual and subjective meaning, confuses and charges emotions according to their own interests, and influences others for the purpose of benefit or harm. The amount of this load varies from person to person depending on the skills and richness of their linguistic culture in using language. The degree of understanding of the type and place of speech varies according to our hopes, successes, and our ability to persevere in achieving our goals. There are two types of stimuli: the first is internal and motivates us to move forward, and the second is external and directed from the environment to make us feel responsible for the task at hand, thus making us more focused on our work. Stimuli can be positive and sometimes negative.

This research examines the importance and characteristics of loaded words and sentences in the Kurdish language. It examines the power of words and sentences within the context of psycholinguistics.

The psychological power of charged words and sentences is the psychological ability a speaker uses to guide the listener, or the individual themselves. If they are positive, they move the person closer to their goals and aspirations and continue their efforts to achieve what they desire. However, if they are negative, they cause mental confusion and a halt in life's journey. In addition to the introduction and conclusion, the research consists of two sections: The first section addresses the psychological meaning of words and sentences and includes the following headings: Intellectual Meaning, Personal Emotional Meaning, and Transferring the Lexical Meaning to the Psychological Meaning of Sentences. The second section addresses the forms of psychological power of charged words and sentences and includes the following headings: Encouraging Words and Sentences, Love and Supportive Words and Sentences, Gratitude and Respect Words and Sentences, Hope and Optimism Words and Sentences, Negative Criticism Words and Sentences, True Tolerance Words and Sentences, Self-Confidence Words and Sentences, and Stress Relief Words and Sentences. Finally, the results and a summary of the research are presented in Kurdish and English.

**الملخص**

القوة النفسية للكلمات والجمل، عبارة معنى فردي وذاتي وتخلط بين المشاعر وتشحنها حسب مصالحها الخاصة وتؤثر على الشخص الآخر بغرض المنفعة أو الضرر. وتختلف كمية هذا التحميل من شخص لآخر حسب مهارات وثراء ثقافة الناس اللغوية في استخدام اللغة، وتختلف درجة فهم نوع الكلام ومكانه حسب (الآمال والنجاح والدور) واستمرارنا في تحقيق ما نريد. هناك نوعان من المحفزات، الأول داخلي ويجعلنا نتحرك للأمام، والثاني خارجي وموجه من البيئة المحيطة ليشعرنا بالمسؤولية عن المهمة الملقاة على عاتقنا، وبالتالي يجعلنا أكثر تركيزاً على عملنا. يمكن أن تكون الحوافز إيجابية وأحياناً سلبية

يتناول البحث أهمية وخصائص الكلمات والجمل المحملة في اللغة الكردية. يتناول البحث قوة الكلمات والجمل في سياق علم النفس اللغوي.

القوة النفسية للكلمات والجمل المشحونة هي القدرة النفسية التي يستخدمها المتحدث لتوجيه المستمع، أو الشخص نفسه، بحيث إذا كانت إيجابية فإنها تجعل الشخص يقترب من أهدافه وأماله ويستمر في جهوده لتحقيق ما يريد، أما إذا كانت سلبية فإنها تسبب ارتباكاً عقلياً وتوقفاً في مسيرة الحياة .

بالإضافة إلى المقدمة والخاتمة يتكون البحث من مبحثين : المبحث الأول يتناول المعنى النفسي للكلمات والجمل ويتضمن العناوين التالية: المعنى الفكري، المعنى العاطفي الشخصي،

نقل المعنى المعجمي إلى المعنى النفسي للجمل، أما المبحث الثاني فيتناول أشكال القوة النفسية للكلمات والجمل المشحونة ويتضمن العناوين التالية: الكلمات والجمل المشجعة، الكلمات والجمل المحبة والدعم، الكلمات والجمل الامتنان والاحترام، الكلمات والجمل الأمل والتفاؤل، النقد السلبي، الكلمات والجمل التسامح الحقيقي، الكلمات والجمل الثقة بالنفس، الكلمات والجمل تخفيف الضغط، وأخيراً يتم عرض النتائج وملخص البحث باللغتين االكردية و الانكليزية .

**پوختە**

**هێزی دەروونی وشە و ڕستە**

واتایەکی تاکەکەسی و خودییە تاک تێکەڵی هەست و سۆزی دەکات، دەتوانیت بارگاوی بکات بەپێی بەرژەوەندی خۆی و کاریگەری کردنە سەر بەرانبەر بە مەبەستی سوود گەیاندن بێ یان زیان گەیاندنی بێ. ڕێژەی ئەم بارگاوی کردنەش لە کەسێکەوە و بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەپێی لێهاتوویی و دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانی کەسەکان لە بەکارەێنانی زماندا، و ڕادەی تێگەیشتن و درککردنی بەرانبەر بە جۆر و شوێنی گوتنەکە دەگۆڕێت و لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکەشی دەگۆڕێت، هێزی دەروونی بریتییە لە دەربڕینی ئەو وشە و ڕستانەی کە هێز و توانایەکی دەروونیمان پێدەدات بۆ ئەنجامدان و نزیکبوونەوە لە ئامانج و هیواکان و سەرکەوتنەکانمان و سووربوون و بەردەوامبوونمان لە بەدەستەێنانی ئەوەی کە دەمانەوێت. هاندەرەکان دوو جۆرن، یەکەمیان ناوەکییەکان کە خودین و وامان لێدەکەن هەنگاوەکانمان بەرەو پێشەوە بچن، دووەمیان دەرەکین و لە ژینگەی دەوروبەرەوە ئاڕاستەمان دەکرێت بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین بەرانبەر بەو ئەرکەی لەسەر شانمانە، بەمەش وا دەکات زیاتر سەرنجمان لەسەر کارە کانمان بێت. هاندەرەکان دەشێ ئەرێنی بن و هەندێك جاریش دەشێ نەرێنی بن

لێکۆڵینەوەکە باس لە گرنگی و تایبەتمەندی وشە و ڕستە بارگاوییەکان دەکات لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانی دەروونی باس لە هێزی کاریگەری وشە و ڕستە دەکات و نموونەکانیش لە زاری ناوڕاست وەرگیراون ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی شێواز و زمانەوانی دەروونی بە ئامانجی گەیشتن بە هێز و کارگەری دەروونی وشە و ڕستە و فاکتەرەکانی بارگاویکردنییان هەنگاودەنێت .

هێزی دەروونی وشە و ڕستە بارگاوییەکان بریتییە لەو توانا دەروونییەی کە قسەکەر بەکاری دەهێنێت و ئاڕاستەی گوێگری دەکات، یاخود خودی کەسەکە ئاڕاستەی خۆی دەکات، جا ئەگەر بە لایەنی ئەرێنی بێت، وادەکات کەسەکە لە ئامانج و هیواکانی نزیک بێتەوە و

بەردەوام بێت لەسەر هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەیەوێت، بەپێچەوانەوشەوە، ئەگەر بە مەبەستی نەرێنی بێت، ئەوا دەبێتە هۆی شڵەژانی دەروونی و وەستانی لە کاروانی پێشکەوتنی ژیاندا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە، لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەم تایبەتە بە واتای دەروونی وشە و ڕستە و ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : واتای بیر، واتای هەست و سۆزی کەسی، گواستنەوەی واتای فەرهەنگی بۆ واتای دەروونی، پلەی کاریگەری وشە و ڕستە، فاکتەرەکانی بارگاوی دەروونی وشە و ڕستە، بەشی دووەمیش تایبەتە بە شێوەکانی هێزی دەروونی وشە و ڕستە بارگاوییەکان، کە ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : وشە و ڕستە هاندەرەکان، وشە و ڕستەکانی خۆشەویستی و پاڵپشتی، وشە و ڕستەکانی سوپاسگوزاری و ڕێز ، وشە و ڕستەکانی هیوابەخش و گەشبینی، وشە و ڕستەکانی وزە بەخشەکان، وشە و ڕستەکانی ڕەخنەی نەرێنی، وشە و ڕستەکانی لێبوردەیی ڕاستەقینە، وشە و ڕستەکانی باوەڕبەخۆبوون، وشە و ڕستەکانی فشار کەمکردنەوە، لە کۆتایشدا ئەنجام و کورتەی باسەکە خراوەتەڕوو .

**وشە کلیلەکان:**

وشە، ڕستە، هێزی دەروونی، واتای هەست وسۆز، بارگاوی دەروونی، واتا.

پێشەکی:

– ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە: هێزی دەروونی وشە و ڕستە، کە باس لە گرنگ و تایبەتمەندی وشە و ڕستە بارگاوییەکان دەکات لە زمانی کوردیدا :

– سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانی دەروونی باس لە هێزی کاریگەری وشە و ڕستە دەکات و نموونەکانیش لە زاری ناوڕاست وەرگیراون .

– ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی شێواز و زمانەوانی دەروونی باس لە هێز و کارگەری دەروونی وشە و ڕستە دەکات و فاکتەرەکانی بارگاویکردنییان دەخاتەڕوو . .

– پرسیاری لێکۆڵینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەنجامدراوە تیایدا باس لەوە دەکرێت :

- هێزی دەروونی وشە و ڕستە چییە ؟
- وشە و ڕستە چۆن بە واتای دەروونی بارگاوی دەبن ؟
- پلەکانی کاریگەری وشە و ڕستە چەندن ؟
- فاکتەرەکانی بارگاوی دەروونی وشە و ڕستە چین ؟
- هێزی دەروونی وشە و ڕستە بارگاوییەکان چین ؟
- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوە بەپێی پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە . .

- چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی شێواز و زمانەوانی دەروونی باس لە هێز و کارگەری دەروونی وشە و ڕستە دەکات و فاکتەرەکانی بارگاویکردنییان دەخاتەڕوو . .

- ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەم تایبەتە بە واتای دەروونی وشە و ڕستە و ئەم سەردێڕانە لەخۆدەگرێت : واتای بیر، واتای هەست و سۆزی کەسی، گواستنەوەی واتای فەرهەنگی بۆ واتای دەروونی، پلەی کاریگەری وشە و ڕستە، فاکتەرەکانی بارگاوی دەروونی وشە و ڕستە، بەشی دووەمیش تایبەتە بە شێوەکانی هێزی دەروونی وشە و ڕستە بارگاوییەکان، کە ئەم سەردێڕانە لەخۆدەگرێت : وشە و ڕستە هاندەرەکان، وشە و ڕستەکانی خۆشەویستی و پاڵپشتی، وشە و ڕستەکانی سوپاسگوزاری و ڕێز ، وشە و ڕستەکانی هیوابەخش و گەشبینی، وشە و ڕستەکانی وزە بەخشەکان، وشە و ڕستەکانی ڕەخنەی نەرێنی، وشە و ڕستەکانی لێبوردەیی ڕاستەقینە، وشە و ڕستەکانی باوەڕبەخۆبوون، وشە و ڕستەکانی فشار کەمکردنەوە، لە کۆتایشدا ئەنجام و کورتەی باسەکە خراوەتەڕوو .

**بەشی یەکەم : واتای دەروونی وشە و ڕستە**

١-١- واتای بیر:

واتای بیر کاتێک دێتە کایەوە کە فۆڕمێک زیاتر لە واتایەکی هۆشەکی هەبێت کە گوێمان لە یەکێکیان بێت ئەوی ترمان بێتەوە بیر، بەهۆی پێویستی وشەکە یان زۆر بە یەکەوە هاتنیان، ئەم جۆرە واتایە بە زۆری لە هەڵبەستدا کاری خۆی دەکات یا کاتێك هەستی پێ دەکرێ کە یەکێک لە واتاکانی فۆڕمەکە قەدەغە بێت بەهۆی لایەنی

بەندبوونی بە فەسلەجەی جنسییەوە (محمد مەعرووف فەتاح، ٢٠١١: ١٦٣-١٦٤)، بۆ نموونە (سەر، بن، ڕەق، ... هتد).

واتای بیر لە هەمان باردا نامێنێتەوە و دەگۆڕێت بەپێی کەس و شوێن و کات و جۆری بەکارەێنانی وشەکان، واتا پێش و پاش دەستەواژە دەربڕاوەکە و ئاوازە و ڕێککەوتنی واتای وشەکە لە ڕستەدا، واتا تاک لە چوارچێوەی ئەزموونەکانیدا واتا بە وشە و ڕستەکان دەدات و لێکی دەداتەوە، بۆ نموونە وشەی (تۆ) دەشێ بە واتای (تۆو)ی ڕووەك، تۆوی سپێرم، تۆ جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاک) بێت، هەروەها بەشێک لە ڕەنگەکان بە بیستنیان زیاتر لە واتایەکمان بیر دەکەوێتەوە، وەک (سوور) بە بیستنی (خوێن، خەنەبەندان و تارای سووری بووك، واتای هێز و خۆشەویستی) دەگەیەنێت، وە یان شاعیر (مانگ) بە مەبەستی (یار) بەکاردەهێنێت.

١-٢- واتای هەست و سۆزی کەسی:

هەر کاتێک وشە و ڕستە بکەوێتە دەستی قسەکەر ئەوە تێکەڵی هەست و سۆزی دەبێت، چونکە زمان ڕەنگدانەوەی تەواوی ڕاستەوخۆی بیر نییە، لەژێر دەستی قسەکەردایە و چۆنیی بەکاربێنی ئەو واتایە دەدات (دزەیی، ٢٠١١: ١١٠).

واتا مەبەست لە واتای هەست و سۆزی کەسی ئەوەیە وشە لە واتا فەرهەنگییە گشتییەکەی کە هەموویان وەک یەک بەکاری دەهێنن لا بدات و بیکات بە واتایەکی تاکەکەسی و خودی و تێکەڵی هەست و سۆزی بکات، بارگاوی بکات بەپێی بەرژەوەندی خۆی و کاریگەری کردنە سەر بەرانبەر بە مەبەستی سوود گەیاندن بێ یان زیان گەیاندنی بێ. ڕێژەی ئەم بارگاوی کردنەش لە کەسێکەوە و بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەپێی لێهاتوویی و دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانی کەسەکان لە بەکارهێنانی زماندا، و ڕادەی تێگەیشتن و درککردنی بەرانبەر بە جۆر و شوێنی گوتنەکە دەگۆڕێت و لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکەشی دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەگەر وشەیەکی وەکو (پرتەقاڵ) کە جۆرێکە لە میوە و ڕەنگێکی تایبەتی هەیە لە فەرهەنگی مێشکی هەموویان وەک یەکە و واتایەکی بێلایەنی هەیە، بەڵام کاتێك لەناو ڕستە بەکاری دەهێنین وەك (کچەکە هێندە جوانە دەڵێی پرتەقاڵە) لێرەدا ڕۆڵی دەوروبەر دەردەکەوێت کاتێك تێکەڵی هەست و سۆزی کەسی دەبێت و بۆ وەسفی جوانی و خڕوپڕی و تەڕی کچێك بەکارهاتووە، یان ئەگەر سەرنج بدەینە درووشمە نیشتمانییەکان دەبینین ڕێژەیەکی زۆر بارگاوی لەگەڵ بیستن یان ترووسکاییەک بە دڵی تاکی کورددا دێت بۆ نموونە:



مجلة مركز بابل للدراسات الأنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٥

-کەرکووک قودسی کوردستانە.

-یان کوردستان یا نەمان.

-کوردستان لانکەی شێرانە.

– هەولێری هۆلاکۆ بەزێن.

هەروەها سروودە نیشتمانییەکانیش بارگاوین بە ڕێژەیەکی زۆری واتای هەست و سۆزی کەسی، بۆ نموونە (خوایە وەتەن ئاواکەی، ئەی دڵێران...هتد)، هەروەها زمانی مێلۆنی نموونەیەکی بەرچاوی واتای هەست و سۆزی کەسییە.

**١-٣- گواستنەوەی واتای فەرهەنگی بۆ واتای دەروونی**

**١-٣-١- سروشتی بەکارهێنانی:**

"ڤیتگنشتاین (Wittgenstein) دەڵێت: لە واتا مەکۆڵەوە، بەڵکو لە بەکارهێنانی وشەکان بکۆڵەوە، هەروەها دەشڵێت هەموو وشەیەک وەک لاشەیەکی مردوو وایە لە کاتی بەکارهێناندا گیانی بە بەردا دەکرێ بەشێکی زۆر لە واتای وشە و ڕستە بەکارهێنراوەکان پشت بە زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەکەر و گوێگر دەبەستێ" (فەرهادی، ٢٠١٣: ٣٧).

بەکارهێنانی زمان دەچێتە بواری قسەکردنەوە بەمەش پەیوەست دەبێ بە دەوروبەر و لایەنی پڕاگماتیکی زمان، "پراگماتیکیش زانستێکی واتایی نوێیە و گرنگی بە بەکارهێنانی زمان دەدات، ئەم زانستە واتا لە چوارچێوەی بۆچوونی بەکارهێنان لێک دەداتەوە، هەر بۆیەش هەندێ جار بە زانستی بەکارهێنان ناو دەبرێن (Science of Use)" (دزەیی، ٢٠١١: ٣).

لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکدا، زۆر جار کەرسەکان پاش و پێش دەکرێن بێ گوێدانە لایەنی ڕێزمانی بەپێی پێویستی و شوێنی گوتنەکان بەکاردەهێندرێن، چونکە لێرەدا زیاتر قسەکەر مەبەستی گەیاندن و تێگەیشتنی بەرانبەرە واتایی وشەکان پەیوەست دەکات بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و پەیوەندی پێشینەی لەگەڵ تاکەکان بۆیە هەوڵ دەدات بە ئاگاییانەوە وشە و ڕستەکان بەکاربهێنێت، چونکە تێنەگەیشتن لە واتا دەبێتە هۆی شکستی پەیوەندی نێوان تاکەکان، لێرەشدا چوارچێوەی گوتن پشکی گەورەی بەردەکەوێ لە دیاریکردنی واتای وشە و ڕستەکان کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چۆن زمان بە کار دێنین و چۆن لێمانی وەردەگرن و لێکی دەدەنەوە بەپێی لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەی گوتنەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و لێزانی لە بەکارهێنانەکەی هەموو کات بە مەبەستی ڕازیکردن و لایەنی ئەرێنی بەرانبەر بەکار نایەت بەڵکو هەندێ کات بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندن و دووڕوویی و



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٥

شێواندنی ڕاستییەکان بەکار دەهێندرێت، هەروەها لە چۆنیەتی بەکارهێناندا ئاوازە و زمانی جەستە وەک (چاوتێبڕین، جوڵەی دەست...هتد) ڕۆڵی گەورەی خۆی دەبینێ لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەکاندا، بۆ نموونە ئەگەر دایک بە ئاوازێکی تایبەت بە کچە ترسنۆکەکەی بڵێ (بە خوا ئازای) ئەوە بە واتای ڕاستەقینەی ئازایەتی نایەت، بەڵکو وەك توانج بەکارهاتووە، هەروەها لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەر دەتوانین ڕستەکانی ڕاگەیاندن و سەرسوڕمان و پرسیاری لە یەکتر جیابکەنەوە ئەگەر تەنانەت دەستەواژەیەکیش بن وەک:

-ڕۆیشت.

-ڕۆیشت!

-ڕۆیشت؟

هەروەها وشە هاوبێژ و فرەواتاکان لە بەکارهێناندا واتاکانیان ڕوون دەبێتەوە بە تایبەتی کاتێک دەخرێنە ناو ڕستەوە بۆ نموونە:

وشەی (بڵند):

-چیایەکە زۆر بڵندە.

-بڵند قوتابییەکی لێهاتووە.

وشەی (بێخاڵ):

-بێخاڵ هات.

- ئاوی بێخاڵ ساردە.

**١-٣-٢- ڕادەی هەڵچوونی بەکارهێنەر:**

ڕادەی هەڵچوونی بەکارهێنەر گوزارشت کردنە لەو هەڵچوونە دەروونییەی مرۆڤ تووشی بووە بە واتای دیاریدەیەکی زمانەوانییە، کە هەست و هەڵچوونێکی ناوەکییە، ڕەفتار و کاردانەوەیەکی دەرەکیشە، کە لە ڕێگەی زمانەوە، گوزارشتی لێوە دەکرێت لە هەموو ئاستە هێمایی و دەنگی و فەرهەنگی ئاستی زماندا لەبەرچاوە و دۆخێکی کاتییە لە میانەی کار و کاردانەوەدا ڕەنگ دەداتەوە (ناز ئەکرەم، ٢٠١٣: ٤٣).

ڕادەی هەڵچوونی تاک دیاریکراو نییە و هیچ پێوەرێکی گشتیشی نییە ڕێژەی هەڵچوونی بەکارهێنەری زمان دیار بکات، لەبەر ئەوەی تۆ پێت ناخۆشە یان خۆشە بۆ کەسێکی تر ڕەنگە ئاسایی بێت، وە بە پێچەوانەشەوە ئەوەی بۆ تۆ ئاساییە بۆ کەسێکی تر

ئاسایی نەبێت، چونكە زمان چۆن بە مەبەستی ئاسایش و نەرمی نواندن و ئارامكردنەوەی بەرانبەر بە كاردێت، لە هەمان كاتیشدا لە باریدا هەیە بەهۆی زمانەكەوە بەرانبەر بخەینە ژێر ڕكیفی خۆمانەوە و پەنجە بخەینە سەر خاڵی لاوازی كەسەكە و بە دەربڕینی وشە و ڕستەكانمان بیورووژێنین و دووچاری هەڵچوون و كاردانەوەی نەرێنی بكەین.

هەڵچوونەكان دوو جۆرن: هەڵچوونی خۆشی، كە تا ڕادەیەك گشتییە وەك لە كاتی سەركەوتندا، بینینی خۆشەویستێك، دەستخۆشی بەرانبەر، پێدا هەڵگوتن و دەربڕینی وشەكانی وەك (هەر بژی، ئافەرین، نایابی...هتد) ببنە هۆی هەڵچوونە خۆشییەكان. هەڵچوونی ناخۆشیش تاكەكەسین و هەر تاكێك خاوەنی بەها و سەنگی خۆیەتی و لەوانیتر جیایە، بۆ نموونە بەها لای كەسێك ڕەنگە (ئایین، بیروباوەڕ، نیشتمان...هتد) بێ كە لە ئەنجامی دەربڕینی وشەو ڕستە و ڕەفتاری نەشیاوی بەرانبەر بە هەر یەكێك لەو بەهایانە هەڵچوونی ناخۆش ڕوودەدات و ببێتە هۆی پەشێوی دەروونی بۆ گوێگر و لە ئەنجامدا كاردانەوەی دەبێت، بۆ نموونە (جنێودان یان وشەی نەشیاو بەرانبەر بە ئایین و پیرۆزییەكانی بەرانبەر یان گاڵتەكردن بە ڕوخسار و شێوەی بەرانبەر)، بۆ نموونە بە كەسێكی ڕەنگ سوور و سپی بڵێی (تەماتە یان سڵقەسوورە) دڵگران دەبێت و پێی هەڵدەچێ هەرچەندە وشەی تەماتە لە بنچینەدا بێلایەنە، بەڵام لێرەدا لەبەر ئەوەی بەمەبەست بە كارهاتووە بێلایەنی خۆی لە دەست داوە.

هەندێ جار دەستەواژەكان ئەرێنین بەڵام بە هۆی ئاوازە و دەوروبەری دەربڕینەوە ئەرێنی بوونی خۆیان لە دەست دەدەن و دەبنە هۆی هەڵچوونی بەرانبەر، بۆ نموونە بەڕێوەبەر بە فەرمانبەرە درەنگ كەوتووەكەی بڵێت (دیمانەت بە خێر) یەكسەر تێدەگات و پێی هەڵدەچێت، یان مامۆستا بە قوتابییەكی كەمتەرخەم لە خوێندن بڵێت (بەخوا بلیمەتی). جۆری ئەو دەستەواژە و ڕستانەی كە ئاراستەی بەرامبەر دەكرێن كاریگەرییان لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت، ڕەنگە لە كەسێكەوە زۆر پێی دڵگران بین بەڵام هەمان دەستەواژە لە كەسێكی ترەوە ببیستین پێمان ئاسایی بێت هەر وەك ئەو دەستەواژانەی لەنێو هاوڕێ نزیكەكاندا دەگوترێن.

**١-٣-٣- چۆنیەتی دەربڕین:**

"كردەی دەربڕین هەنگاوەكانی دروستكردنی گوتنەكە دەگرێتەوە وەك سازكردنی دەنگەكان و لێكدانیان لە بۆتەی یەكەیەكی ڕێزمانی خاوەن واتا و بەستنەوەی بە دەوروبەرەوە. ئۆستن لەناو كردەی دەربڕیندا سێ كردەی لێك جیا كردووەتەوە ئەوانیش كردەی فۆنەتیكی و


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٥

کردەی قسەیی وکردەی گوتاریە. کردەی فۆنەتیکی، درکاندنی دەنگەکان دەگرێتەوە، کردەی قسەیی، دانانی کەرسە زمانییەکانە بەپێی ڕێزمان و فەرهەنگی زمان، کردەی گوتاری، جێبەجێکردنی کردەی دەربڕینە بە بەکارهێنانی دانە فەرهەنگییەکان بە هەست و ژیرییەوە" (هیوا ئەحمەد، ٢٠٢٣: ٢٠٩).

کردەی دەربڕین زیاتر گرنگی بە لایەنی ڕێزمانی زمان و هونەری قسەکردن دەدات بەپێی چەند بنەمایەکی دیاریکراو، لەوانە دەرنەچوون لە پێوەرە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان دەرنەچی و ڕێز لە بەهاکانی بەرانبەر بگری، گوێگرتن و دەرفەتدان بۆ ئەوەی ئەویش دەربڕینەکانی خۆی بکات وە هەروەها دروستکردنی متمانە بۆ بەرانبەر و ڕەچاوکردنی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و پێگەی بەرانبەر بکرێت. بەمەش گرنگە هەموو کەسێک لە هونەری دەربڕیندا شارەزا بێت بۆ ئەوەی پەیامەکانیان بە باشی شوێنی خۆیان بگرن هەر وەک دەبینین کاریگەری چۆنیەتی دەربڕینی وشە و دەستەواژەکانی سیاسەتمەدارەکان لە کاتی جەنگەکان یان بانگەشەی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی پارتەکانیان و ڕاکێشانی خەڵک بۆ زیادبوونی لایەنگرانیان ڕۆڵی گەورەی لە سەرکەوتنی کارەکانیاندا هەیە، بۆ نموونە (بانگەشەی نازییەکان و شیوعییەکان و سەهیونییەکان لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری لەسەر ورەی گەلان و جەنگاوەران لە زرێپۆش و فڕۆکەکان کەمتر نەبوو) (بەدرخان سلێمان، هێمن کاکە، ٢٠٢٢: ١٤٢). هەروەها زۆر گرنگە بۆ پزیشکێکی دەروونی لە هونەری دەربڕین زۆر شارەزا بێ بۆ ئەوەی بە ناخی نەخۆشەکانی بگات و چارسەری دروستیان بۆ بدۆزێتەوە. هەروەها گرنگە بۆ مامۆستایەک بۆ فێرکردنی قوتابییەکەی لە هونەری دەربڕین شارەزا بێ بە تایبەتی ئەو قوتابییانەی کە تازە دێنە ناو بواری خوێندنەوە بۆ فێربوونی پیت و ژمارە و ڕەنگەکانیان، کەواتە دەربڕین وەک بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ژیانی هەر کەسێکدا جێگای خۆیەتی کە زۆر گرنگی پێ بدرێت چونکە بە دەربڕینی دروست بەو مەبەستانە دەگەین کە دەمانەوێت.

**١-٤- پلەی کاریگەری وشە و ڕستە:**

**١-٤-١- پلەی ئەرێنی:**

ئەو وشە و ڕستانە دەگرێتەوە کە لە کاتی بیستن و خوێندنەوەیان هەست بە ئارامی هێز و دڵخۆشی دەکەین، و وزە و متمانە بە خۆبوونمان زیاد دەبێت، و هێزیان لێ وەردەگرین و کاردانەوەی بەسەر تەواوی ژیانمان دەبێت. کەسانی ئەرێنی ئاوازی دەنگیان بەهێزە و

کراوەن، شانەکانیان ڕێکە دەبنە مایەی گەشبینی بۆ خۆیان و دەوروبەرەکەیان، ئەنجامی کارەکانیان زۆربەی کات بە سەرکەوتوویی کۆتایی دێت، ئەمەش وانەبێ ئەم جۆرە کەسانە دوو چاری هیچ جۆرە گرفتێک نەبنەوە، بەڵام لە کاتی گرفتدا بەدوای چارسەری گونجاودا دەگەڕین و توانای ئەوەیان هەیە بەسەر کێشەکانیان زاڵبن.

وشە و ڕستە ئەرێنییەکان تەواو بارگاوین بەهەست و سۆز، بۆیە دەربڕینیان دەبێتە هۆی وروژاندنی بەرانبەر و هەست و بیرکردنەوەکانیان، بۆ نموونە بە وشەیەکی بچووکی ئەرێنی ڕەنگە گۆڕانکاری گەورە لە ژیانی تاکدا دروست بێت، هەروەها نموونەی ئەم جۆرە دەستەواژە ئەرێنیانە لە زمانی کوردیدا زۆر جار دەبینرێن بە تایبەت ئەو دەستەواژانەی لە سڵاوکردندا بە کاردێن وەک:

-چۆنن چاکن؟

-بەیانی باش.

-ئێوارە باش.

-بەخێربێن.

-ئاوەدانتان کردەوە.

-چاومان ڕوون بۆوە.

هەروەها بەشێک لەو دەستەواژە ئەرێنیانەی کە لایەنە سیاسی و دەسەڵاتدارانی کورد بە کاریدەهێنن پلەیەکی ئەرێنی بەرزیان هەیە بۆ نموونە (چاکسازی، وەبەرهێنان، دەستپاکی، ئاوەدانی،...هتد). وە بەشێک لە هاوڵاوەکانیش واتای ئەرێنی دەگەیەنن وەکو (زیرەکی، بوێری، بەهێز، جوان، ڕاستگۆ، ژیر،...هتد). بەشێک لە پەندە کوردییەکانیش واتای ئەرێنی بەرزیان هەیە وەك:

-ئەڵێین تەنگانە خۆشی لەدوایە باوەڕم وایە فەرموودەی خوایە.

-خوا یەکە و دەرگای هەزار.

-لەدوای هەموو تاریکییەک ڕووناکی دێت.

وە دەستەواژە ئەرێنییەکان پلەی کاریگەرییان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە، دەستەواژەی (پێمان دەکرێ) بۆ لایەنیکی سیاسی واتایەکی ئەرێنی دەبەخشێت بەڵام بۆ لایەنێکی تر ڕەنگە هەمان کاریگەری ئەرێنی نەبێت.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٥

**١-٤-٢- پلەی نەرێنی :**

پلەی نەرێنی وشە و ڕستەکان ئەو وشە و ڕستانە دەگرێتەوە کە لە کەسی قسەکەرەوە ئاڕاستە دەکرێن و واتای نەرێنی لە خۆیان دەگرن و دەبنە هۆی تێکشکان و کەمکردنەوەی ووزەی بەرانبەر. دەربڕینە نەرێنییەکان هەندێک جار بێ مەبەست دەردەبڕدرێن، واتە قسەکەر خۆی کەسێکی ڕەشبینە بە هۆی جۆر و ئەزموونی پەروەردەکەی بۆ نموونە باوکێکی هەژاری نەخوێندواری کەم ڕۆشنبیر ئەگەر منداڵەکەی پێی بڵێ (من لە دواڕۆژ ئارەزوو دەکەم ببم بە پزیشک) وەڵامی باوکەکە بۆ منداڵەکە (کوڕم بۆ پیاوی فەقیر نابێ، لێمان ناوشێتەوە، نێوچەوانی ئێمە، بەختی ئێمە،...هتد). بەشێکی تر لە دەستەواژە نەرێنییەکان بە مەبەست دەگوترێن بۆ نەهێشتنی متمانەی بەرامبەر و ترساندن و تۆقاندن و ... هتد.

هەروەها هەندێك دەستەواژە هەن لە زمانی کوردیدا واتای نەرێنی دەگەیەنن کاتێک بەرانبەر گوێبیستیان دەبێت وەک (ناشیرین، لچ شۆر (لچە)، نەزان، خوار و خێچ،...هتد)، وە بەشێکیش لە پەندە کوردییەکان لە دەربڕینی نەرێنیدا بەری نین بۆ نموونە (خاران خوارزا مەزن کردن، مامان برازا بزرکردن)، ئەمە وا لە منداڵی کورد دەکات بەبێ هۆ هەستێکی ناخۆشی بەرانبەر وشەی مام بۆ دروست بێت کە زۆر جار مام کەسێکە لە شوێنی باوکدایە و هێندەی باوک بۆ برازاکانی ماندووە، یان دەربڕینی پەندێکی وەکو (بەپیری دەچێتە بەر هەویری) وا لە تاکی کورد دەکات لە تەمەنێکی زوو واز لە بەرەودان بە گەشە و کەسایەتی خۆی بێنێت و بێ هیوای دەکات لە کاتێکدا هەوڵدان بۆ هەموو تاکێك لە بوونەوە تا مردن مافی ئەوەی هەیە. بە زۆری ئەو کارانەی کە ئامرازی نەرێنی (نا) دەکەوێتە پێشی وەک (ناتوانی، ناکرێ، نابێت، دەرناچی، تێناگەی،...هتد)، هەروەها وشەی (هەرگیز) زۆربەی کات کە دەکەوێتە بەردەم وشە و ڕستەکان واتایەکی نەرێنی لە خۆدەگرێت، وەك:

-هەرگیز پێی ناگەی.

-هەرگیز فێر نابی.

**١-٥- فاکتەرەکانی بارگاوی دەروونی وشە و ڕستە**

**١-٥-١- دووبارەبوونەوە:**

"ئەوەیە هۆنەر یان نووسەر یان قسەکەر وشەیەك یان دەستەواژیەك یان ڕستەیەک بێنێ و چەند جارێک دووبارەی بکاتەوە بە چەند مەبەستێکی تایبەتی و چەسپاندنی واتاکەی لە

مێشکی گوێگر و خستنە دڵییەوە بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ، واتا نابێ وشەکان نە لە ڕواڵەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بە سەر دابێ" (عەزیز گەردی، ١٩٧٥: ٤٧).

(هەندێک کات لە ئەنجامی دووبارە بەیەکەوە هاتنی وشەکان لەگەڵ یەکدا بارگاوی دەبن بە هێزێکی دەروونی زیاتر و هەستی کەسی بەکارەێنەری تێدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە هەر کەسێ بەکاریدێنێت هێزی زیاتر دەخاتە سەر واتا هۆشەکییەکە، بۆ نموونەی وشەی (باوەژن) یان (زڕباوک) لەگەڵ دووبارەبوونەوە و بەیەکەوەهاتنی لەگەڵ وشەی (بێ بەزەیی) و (خوانەناس)ی، ئەوا بۆتە واتایەکی زیادە و چۆتە سەر واتە فەرهەنگییەکەی (باوەژن و زڕباوك)) (دزەیی، ٢٠١١، ١١١).

کەواتە دووبارەکردنەوەی وشەکان هۆکارێکی دەروونی کاریگەرە، و ڕۆڵێکی کارای هەیە لە کۆکردنەوەی سەرنجی بەرانبەر لەسەر ئەو پەیامەی کە قسەکەر دەیگەیەنێت و مەبەستییەتی، و دەبێتە هۆی وورووژاندنی هەست و سۆزی و زاڵبوون بە سەر ئەو کەسەی کە وشە و ڕستەکان دەبیستێ یان دەیانخوێنێتەوە. دووبارە کردنەوەی وشەو ڕستەکان لە ڕووی واتاییەوە دەشێ بۆ چەند مەبەستێکی جیاجیا لە زماندا بەکار بهێندرێت وەک: (دڵنیاکردنەوە، هەڕەشە، چەسپاندن، ئاگادارکردنەوە، نەهێشتنی گومان، ڕاکێشانی بەرانبەر، ڕازیکردن...هتد) وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

-دووبارەکردنەوە بە مەبەستی دڵنیاکردنەوە، وەک: (وایە وایە، وادەکەم وادەکەم، دەبێ دەبێ، ئا ئا، با با، بەڵێ بەڵێ، نەخێر نەخێر، دەشێ دەشێ، دەبێ دەبێ، ڕاستە ڕاستە...هتد).

-دووبارەکردنەوە بە مەبەستی پیاهەڵدان، وەک: (پیاوی پیاو، بژی بژی، جوانی جوان، زیرەکی زیرەک، باشی باش...هتد).

-دووبارەکردنەوە بە مەبەستی هەڕەشەکردن، وەک: (بڕۆ بڕۆ، دەی دەی، ناچی ناچی، نابی نابی، شێتی شێت، نا نا...هتد).

### ١-٥-٢- لێڵی وشە (Ambiguity)

"واتای گشتی ئەم زاراوەیە بریتییە لەوەی کە وشەیەک یان ڕستەیەك گوزارشت لە واتایەک زیاتر بکات" (Crystal: 1992, 17). لێڵی واتایی وەک دیاریدەیەکی زمانی هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە بێ جیاوازی وەك (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس) بێ ئەوەی کار لە دروستەی ڕێزمانی زمان بکات و تێکی بدات، بەڵکو تەنیا پەیوەندی بە لایەنی

واتایی زمان هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە دەکەوێتە بەر ئاستی سیمانتیکی زمان. لێڵی واتایی هەموو زمانەکانی جیهانی گرتۆتەوە و "هیچ زمانێک لەباری دانییە بەرانبەر بە هەموو شەیەک واتایەکی هەبێت" (جۆن لاینز، ١٩٨٠: ١٦). زمانەوانانی کورد بەشێوەیەکی گشتی چەند هۆکارێکیان دەستنیشان کردووە بۆ پەیدابوونی دیاریدەی لێڵی لە زمانی کوردیدا وەک (هاوبێژی و فرەواتایی، زار و شێوازارەکان، پێشگری هەر، ئەو وشانەی دەکەونەوە ناو دوو پۆلی ئاخاوتنەوە، مۆرفیمی (ێ)، نیشانەی نەناسراوی (ێك)،...هتد). هەموو ئەوانەش بەپێی سیاقی گوتنەوە کاریگەری تەواویان لەسەر دروستکردنی لێڵی واتایی و بارگاوی کردنی واتا فەرهەنگییەکاندا هەیە. لێرەدا بەشێک لە نموونەکانی لێڵی دەخەینەڕوو :

-ژنە.

١.بە واتای ئاسایی خۆی بە کارهاتووە کە ژنە.

٢.بە واتای ئەوەی هەموو سیماکانی ژنبوونی تێدایە خانم و خانەدانە.

-ئەم قوتابییە ژیرە.

١.بە واتای زیرەکبوونی قوتابییەکە هاتووە.

٢.قوتابییەکە خۆی ناوی ژیرە.

-ژەهری دەرخواردددا.

١.بە واتای ڕاستەقینەی خۆی ژەهری پێ خوارد.

٢.بە واتای قسەی ناخۆش، ژیانی ناخۆش...هتد.

-ئاگری بنکایێ.

١.بە واتای راستەقینەی خۆی ئاگری بنکایە.

٢.کەسێکی لەژێرەوە ئاژاوەگێڕ بێت.

لێڵی بە هۆی زار و شێوەزار وەك (کولەکە – کودوو، ئارو – خەیار، شەکرەباوی – چەقەڵە، ...هتد).

هەروەها لە ڕستەکانی وەک:

-ڕاسپاردەکەتان گەیاند.

-ئامانەتەکەتان بە دەست گەیشت؟

-ئەوەی مەبەستمانە ئەمڕۆ دەگات.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا لێڵی تێدا بەدی دەکرێت و تەنیا ئەوەی لە سیاقی گوتنەکەدایە، لە واتای (ڕاسپاردەکە، ئەمانەتەکە، مەبەستەکە) دەگات. کەواتە لێردا بۆمان دەردەکەوێت لێڵی و تەمومژی واتایی لە دەوروبەردا ڕوون دەبێتەوە و نامێنێت.

**١-٥-٣- ئەزموونی کەسی:**

ئەزموونە کەسییەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر بارگاوی کردنی واتای فەرهەنگی وشە و ڕستەکاندا هەیە، چونکە مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونانە دەربڕین دەکات کە پێیدا تێپەڕیوە وەک (ژینگە، قوتابخانە، خێزان، پلە و پێگەی کومەڵایەتی، لایەنی دەروونی دایک و باوک لە پەروەردەکردنی منداڵ، کلتوور،...هتد). هەموو ئەوانە دەبنە پێشینەی گوتن و دەربڕینەکانی دواتر بە زمان گوزارشتیان لێ دەکات. هەر تاکێک ئەگەر لەم ڕووانەی باس کران بە دروستی ئەزموونی کردبێت، ئەوە توانای متمانە بە خۆبوونی زیاد دەبێت، و ئاسۆی بیرکردنەوەشی فراوانتر دەبێت، و وشە و ڕستەکانیشی کاریگەرتر و پڕ هەست و سۆزتر دەبن، و سەرکەوتووتر دەبێت لە ڕازی کردنی بەرانبەر و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی تر. هەروەها ئەزموونە کەسییەکانمان وادەکەن ئاسانتر لە ڕەهەندی دەروونی و بوونی خۆمان و دەوروبەر بگەین. کەواتە ئەزموون ناسنامە و بوونی ئێمەیە، و تا چەند ئەزموونەکانمان زۆرترین، فەرهەنگی ژیریمان باشتر دەبێت، و جیاکردنەوەی ڕاستی و هەڵەی دەستەواژەکانمان وردتر دەبێت، بەمەش توانای خۆگونجاندنمان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هەروەها تێگەیشتنیشمان بۆ دەوروبەر زیاتر دەبێت، بە ئاگاییانەوە وشە و ڕستەکانمان دەردەبڕین. هەر وەک لە پێشەوە باسمان کرد، هەموو ئەو دەربڕینانەی کە دەیڵێین و دەیان بیستین لە ژیاندا لە یادگەی سۆزداریدا خۆیان مات دەدەن و دەبن بە ئەزموون و دواتر لە ڕەفتار و زمانماندا ڕەنگ دەدەنەوە. ئەزموونی هیچ کەسێکیش لەوی تر ناچێت، و گوتنەکانیشمان بە جیاوازی ئەزموونەکانمان جیاواز دەبن، بۆ نموونە ئەزموونی ئەو کەسەی کە وشە و ڕستەکانی بوێرانە لە بەرانبەر هەزار کەس دەردەبڕێت لە گوتارێکدا، جیایە لەگەڵ کەسانێکی ئاسایی، یا ئەزموونی پارێزەرێک لە هونەری بەرگریکردن لە تاوانبارێك جیایە لەگەڵ ئەو کەسەی کە شارەزایی لە بواری یاسایی نەبێت تەنانەت ئەگەر تاوانباریش نەبێت.

**١-٥-٤- ناونان:**

"بیر و باوەڕ و بیرکردنەوە لە (ناونان) ڕەنگ دەداتەوە، چونکە کاتێ مرۆڤ ناو لە شتێک یان کەسێک یان ڕووداوێک دەنێت، چۆنی دەبینێت ئەوا ناوی لێ دەنێت" (دزەیی،

٢٠١١: ١١٣). مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە هەوڵی دانانی ناوی داوە بۆ هەموو کەس و شت و دیاردە سروشتییەکان بە مەبەستی دیاریکردن و تێکەڵ نەکردنیان، و بۆ ئاسانکاری لە کردەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەکان، هەروەها دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەوروبەرمان، ئەم دیاریدەیەش هەموو زمانە جیاوازەکانی جیهانی گرتەوە.

ناونانیش وەکو بەشێکی سەرەکی ئاخاوتن لە زماندا لە گۆڕانکاری بەدەر نییە بەپێی سەردەم و ئاستی ڕۆشنبیری و باری سیاسی و هۆکاری تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ساڵانی پێشوی زمانی کوردی بکەین زۆربەی ناوەکان عەرەبین لەژێر کاریگەری سیاسەتی عەرەب و ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەك (سەعید، سەلام، حەیات، سابیر، بەدیعە،...هتد)، بەڵام لە ساڵانی دواتر بە تایبەت دوای ڕاپەڕین ناوەکان بۆ زمانی کوردی گۆڕدران وەک (ئازاد، سەربەست، هیوا، نەشمیل،...هتد.). هەروەها دیارە سروشتی جوان و ناسکی کوردستان بە دەرنەبوە لە وروژاندنی تاکی کورد بۆ ناونانی ڕۆڵەکانی بۆ نموونە (کانی، ئاسمان، هاژە، چەمەن، هەور، چیمەن، نێرگز، هێرۆ، گەلاوێژ،...هتد).

جگە لەوەی کە ناو بەگشتی ئاماژەیە بۆ کەس و شت و دیاردەکان، بەشێکی تری ناوەکانیش کەسەکان بە ئارەزووی خۆیان دەیخەنە پاڵ ناوی خۆیان بەمەبەستی زیاتر ناساندن و جیاکردنەوەیان وەك لە نازناوی شاعیر و نووسەرەکان دەبینرێت بۆ نموونە (پیرەمێرد، بێ کەس، بێخود،...هتد)، یان هەندێک کات ناوی عەشیرەت دەخەنە پاڵ ناوی خۆیان وەك (.... بابانی، .... جاف، .... میرانی،...هتد). ناوەکانیش کاردانەوەی ڕاستەو خۆی دەروونمانە بۆ بەرانبەرەکان تەنانەت خودی ئەو کەسەشی کە ناوی لێندراوە تەواو کاریگەر دەبێت بە ناوەکەی، هەروەها هەندێك جار لە ڕەفتارەکانیشیدا ڕەنگ دەداتەوە.

**١-٥-٥- ڕێکخستنی ڕستە:**

"ڕستەکان لە زمانی کوردیدا و لە هەموو زمانەکانی جیهاندا پشت بە هەردوو دارشتەی دەنگ و واتا دەبەستن، بۆ لێکگەیشتن و ئەم لێکتر تێگەیشتنەش تەنها لەو بارەدا ڕوونادات، کە ڕستەکان لە ڕووی دروستەی سینتاکسیەوە ڕاست بن و مەرج و یاسا و پەرنسیپ و قەیدەکانی ئاستی سینتاکسیان جێبەجێکردبێت، بەڵکو ڕستەکان دەبێت لە ڕووی دارشتەی سیمانتیکیشەوە دروستە و واتاکانیشیان دروست و ڕاستبن و پەیوەندی وابەستەگی واتایی لە نێوان کەرستەکانی ڕستەیەک و ڕستەکانی زمانێکدا هەبن". (بەکر عومەر، ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٩: ٢٧).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٥

کەواتە ڕێزمان و واتا تەواو چوونەتە ناو یەک، لە ڕێکخستنی ڕستەدا دەبێت ڕەچاوی هەردوو بنەما بکرێت بۆ دەربڕینێکی دروست و کاریگەر لەسەر دەروونی بەرانبەر، بۆ ئەوەی توانای زاڵبوون و بەدەستەێنانیان و ئەگەری درێژەدانی پەیوەندییەکانیشمان زیاتر بێت، ئاسانتر بە مەبەستەکانمان بگەین، بەپێچەوانەشەوە ڕێکنەخستنی ڕستەکان دەبیتە هۆی ئەوەی پەیام و بیرۆکەکانمان نەگەن بە بەرانبەر چونکە نەکە ڕستەی ڕێکنەخراو و تەنانەت وشە و لەتە وشەش کاریگەری دەروونی لەسەر بەرانبەر هەیە. بۆ نموونە لەم دوو ڕستەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن ڕێزمان کاریگەری لەسەر ڕێکخستن و دروستەی ڕستە دەبێت، لەسەر پاش و پێشکردن و گۆڕینی شوێنی کەرسەکان لەناو ڕستەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و ئەرکە ڕێزمانییەکانیش.

–مامۆستا قوتابییەکەی گەیاند.

–قوتابییەکە مامۆستاکەی گەیاند.

هەندێك جاریش مەرج نییە ((جیاوازی ڕۆنانی ڕێزمانی ڕستە مەرج بێت بۆ جیاوازی واتایی)) (سەباح ڕەشید، ٢٠٠٨، ١٠٣)، وەك:

–بردم.

–من بردم.

بەکارەێنانی هاوەڵناوی پلەی بەراورد لە ڕێکخستنی ڕستەکاندا کاریگەری دەروونی زیاتر دەکەن و واتاکان زەقتر و پڕ هەست و سۆزتر دەکەن، چ بە لایەنی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، بۆ نموونە کاتێك مامۆستا بە قوتابییەکی دەڵێ (ئەمڕۆ لە وانەکەت خراپتر بووی) کاریگەری وشەی (خراپتر) زیاترە لە ڕووە نەرێنییەکەی لە کاریگەری وشەی (خراپ). هەروەها بە خستنەسەر هێز و جەختکردنەوەی ئەو وشەی لەناو ڕستەدا مەبەستمانە دەتوانین کاریگەری دەروونیمان زیاتر بێت لەسەر بەرانبەر، بۆ نموونە:

–ئازاد دەرچوو.     (هێز لەسەر ئازادە)

–دەرچوو ئازاد.     (هێز لەسەر دەرچوونە)

هەروەها بە هۆی ئاوازیشەوە کاریگەری واتایی ڕستە دەگۆڕێت بۆ نموونە:

–هاژە ڕۆیشت.

–هاژە ڕۆیشت؟

–هاژە ڕۆیشت!

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٥

لە دەروبەردا ڕوون دەبێتەوە کە شێوازی وتنەکە پرسیارییە یان شێوەی سەرسوڕمانە یان شێوەی گەیاندنە. لەگەڵ هەر جۆرە شێوەیەکی دەربڕیندا کاریگەرییەکی دەروونی جیاواز لەسەر بەرانبەر دروست دەبێت بەپێی چوارچێوەی گوتنەکە، هەندێک کاتیش ڕستەکان هەمان دەربڕین و ڕۆنانیان هەیە، بەڵام واتەکانیان بەپێی دەروبەر لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، وەک:

-پشتی شکاند.

١.بە واتای پشت شکان دێت (ئەندامی لەش).

٢.واتای دۆڕان و بەزاندن دێت.

کەواتە شێوازی هەڵبژاردنی وشەکان و خستنە پاڵییەکیان و ڕێکخستنیان لەگەڵ وشەکانی تری ناو ڕستە و زەقکردن و خستنەپێشی ئەو وشەی کە بابەتی گرنگی ئەو پەیامەیە کە دەمانەوێت بیگەیەنین فاکتەرێکی گرنگی بارگاویکردنی وشە و ڕستەکانە بۆ زاڵبوون بە سەر هەست و سۆز و هۆشی بەرانبەر.

**١-٥-٦- لادان:**

"لادان بریتییە لە لادان لە یاساکانی زمانی ئاسایی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ سنوورێك نەبێت بۆ ئەم لادانە، (لیچ) لە کاتی باسکردنی لادان و ڕێسا زیادکردندا سنوورێك ئەم دووانە دادەنێ. بە بڕوای ئەو لادان تەنها کاتێك دەتوانێ تا ئەو سنوورە بچێتە پێشەوە کە پەیوەندی کردن تێك نەچێ و بەرجەستەکردن شیاوی دەربڕین بێت" (تاڤگە عومەر، ٢٠٠٩: ١٠٩).

لادان لە واتادا لە ڕووی دەروونی و زمانییەوە جۆرە هونەرێکە لە کردەی قسەکردن کە تیایدا قسەکەر خۆی بە بنەماکانی زمان نابەستێتەوە و هەوڵ دەدات بە چەند وشەیەکی کەم واتایەکی زۆر بگەیەنێت، یان بە پێچەوانەوە بە بەکارهێنانی درێژدادڕی مەبەست و پەیامەکانی خۆی بگەیەنێت. لادانەکانیش دوو جۆرن، یەکەمیان لادانی بێ مەبەست کە بە زۆری لە قسەکردنی ئاساییدا دەبینرێت، دووەمیشیان لادانی مەبەستدارە کە بە زۆری لە زمانی شیعردا دەبینرێت و شاعیر لادانی زمانەکەی بە گرنگ و پێویست دەزانێت بۆ پیشاندانی لێزانی خۆی لە یاریکردن بە وشەکان، وەک دەزانین کە زمانی شیعر زمانێکی پڕاوپڕە لە هەست و سۆز و زۆرترین ورووژاندن بۆ خوێنەر و بیسەرەکانیان دروست دەکەن، لادانەکانیش بریتین لە هونەرەکانی (خواستن، درکە، درێژبڕی، کورتبڕی...هتد). بۆ نموونە لەم دێرە هۆنراوانەی خوارەوە وەک دەبینین لادانی تێدا ئەنجام دراوە:

–تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم

دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم (هێمن)

(دێم)ی یەکەم بە مەبەستی واتای خۆی بە کارهاتووە، پێنج دێمەکەی تر زیادنە بۆ جەخت کردنەوە بەکارهاتوون و لادانە لە درێژبڕی.

یان لە دێرێکی تردا

–ڕاگری ژینمی تۆ

–توانا و تینمی تۆ ..... (موحەمەد حوسێن بەرزنجی)

لێرەدا شاعیر لە سیستەمی ڕستەسازی کوردی لایداوە، لە زمانی سروشتی دەبوو بگوترێ (تۆ ڕاگری ژینمی تۆ تەوانا و تینمی) بەپێی دەستوور دەبوو نیهاد پێش گوزارە بکەوێ (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١١: ٨٦).

هەندێك جار قسەکەر لە کردەی لادانی واتادا مەبەستی ئەوەیە کە بە چەند وشەیەکی کەم واتایەکی زۆر بگەیەنێت بۆ نموونە: ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێ. وەک دەبینرێ مەبەستێکی قووڵ لە ژێر ئەم گوتنەدا هەیە بەڵام بە چەند وشەیەکی کەم دەربڕاوە، یان قسەکەر وشەیەك بە مەبەستی واتای خۆی لە گوتنەکانیدا بە کارناهێنێت، وەک: نەرمین گوڵە. لێرەدا گوڵ بە واتای ڕاستەقینەی خۆی بە کارنەهاتووە بەڵکو بۆ وەسفی کچێک بە کارهاتووە کە بە وێنەی گوڵ بۆن خۆش و جوانە. لادانەکان هەموو کات بە یەک مەبەست بە کار نایەن، بەڵکو هەندێك جار بە مەبەستی ڕازی کردن، یان وەسفکردن و پیا هەڵدان، یان شاردنەوەی بەشێك لە گوتنەکان بەکاردێت.

### ١–٥–٧– دەوروبەر (Context)

"دەوروبەر لە خۆیدا بریتییە لە کارلێکردنی ڕەگەزە نازمانییەکانی بارودۆخێکی ئاخاوتن و کاریگەرییان لەسەر ڕەگەزە زمانییەکانی ئەو بارودۆخە ئەخاوتنە" (شاخەوان جەلال، ٢٠١٥: ٧٧). کەواتە دەوروبەر ئەم چێوە واتاییە کە مەبەستی قسەکەری تێدا ڕوون دەبێتەوە و لێڵی لە دەربڕیندا ناهێڵێت، واتاکانیان دیاری دەکات و سنووریان بۆ دادەنێت، واتە ئەگەر وشە و ڕستەکان لە دەرەوەی دەوروبەر زۆرتر لە واتایەکیان هەبێت ئەوا لە بەکارهێنانی لە دەوروبەردا یەک واتایان دەبێت. لە دەوروبەریشدا کۆمەڵێک هۆکار هەن بەشدارن لە لێکدانەوەی واتاکانیان و بارگاوی کردن و واتە پێدانیان لەوانە ئاستی ڕۆشنبیری، کەلتووری، کۆمەڵایەتی، بار و شوێن و کات، لایەنی دەروونی...هتد. بەڵام لە بابەتەکەی ئێمەدا زیاتر جەخت لەسەر شیکردنەوەی دەوروبەری دەروونی دەکەین کە لایەنی هەست و

سۆز و هەڵچوون و پێشینەی پەیوەندی نێوان تاکەکان دەگرێتەوە. لە دەوروبەری دەروونیدا قسەکەر بەپێی ئەو دەوروبەرەی لێی دەدوێ دەربڕینەکانی خۆی دەپێکێت و لە هەمان کاتدا گوێگریش بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێدایە لێکدانەوە بۆ گوتراوەکان دەکات و واتایان پێ دەدات، هەر لەبەر ئەمەشە واتاکان بەپێی بەکارەێنانی وشە و ڕستەکان لە دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی تر دەگۆڕێن ئەگەر هەمان دەربڕینیش بن، بۆ نموونە لە ڕستەی (تۆیەکەم هەڵگرت) ئەگەر پزیشکێک بیڵێت مەبەست لێی (سپێرمی پیاوە)، هەمان ڕستە ئەگەر جووتیارێک بیڵێت مەبەست لێی (تۆی گوڵ و گەنم...هتد)، یان لە ڕستەیەکی وەک (سەگ هات) لێرەدا دوو لێکدانەوە لەخۆ دەگرێت: یەکەمیان بە واتای سەگی ئاژەڵ دێت، دووەمیان بە واتای مرۆڤێکی دووڕوو و ئاژاوەگێڕ دێت واتە کەسێکی دەروون نەساغ.

لە دەوروبەری دەروونیدا هەندێك لە وشەکان واتای ئەرێنی خۆیان لە دەست دەدەن بە تایبەتی لە باری هەڵچوونی نەرێنی بۆ نموونە:

–قسەکەر : باوکە ئەمساڵ دەرنەچووم.

– گوێگر : جوانە.

وشەی (جوان) هاوڵناوێکە بۆ پێدانی وەسفە ئەرێنییەکان بە کاردێت، بەڵام لە دەوروبەردا واتاکەی بۆ واتایەکی نەرێنی گۆڕدرا، بە واتای تووڕەبوون و ناڕەزایی باوکەکە بە کارهاتووە.

هەروەها پێشینەی پەیوەندی نێوان کەسەکان و یەکە زمانییەکانیان لە فەرهەنگی مێشکی تاکەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە لێکدانەوەی واتاکان لە دەوروبەردا، بۆ نموونە لە ڕستەی (بابان کوێر ڕانەوەستا هەتا سەری خۆی خوارد) لێرەدا ئەوەی لەو دەوروبەرە ئامادەیی هەبووە تێدەگات کە (بابان کوێر) کێیە و بۆ چ مەبەست و کەسێ بە کار هاتووە. "جوڵانەوەکانی دەست و سەر و پەنجە و چاو و جەستە و ئاوازەی دەنگ، کە قسەکەرەکە هاوکات لەگەڵ قسەکردن بە کاریان دێنێت کاریگەری لەسەر واتای دەروونی وشە و ڕستەکان هەیە" (دزەیی، ٢٠١٥: ٨٩). بۆ نموونە ڕەنگە گوێگر بە سەر لەقاندنێك لە مەبەستی قسەکەر بگات و واتاکەی بۆ ڕوون بێتەوە، یان لە ئاوازی دەنگی قسەکەر لە هەستی بەرانبەر و واتای وشە و ڕستەکان بگەین.

**بەشی  شێوەی هێزی دەروونی وشە و ڕستە بارگاوییەکان:**

٢-١- وشە و ڕستە هاندەرەکان:

بریتین لە دەربڕینی ئەو وشە و ڕستانەی کە هێز و توانایەکی دەروونیمان پێدەدات بۆ ئەنجامدان و نزیکبوونەوە لە ئامانج و هیواکان و سەرکەوتنەکانمان و سووربوون و بەردەوامبوونمان لە بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەمانەوێت. هاندەرەکان دوو جۆرن، یەکەمیان ناوەکییەکان کە خودین  و وامان لێدەکەن هەنگاوەکانمان بەرەو پێشەوە بچن، دووەمیان دەرەکین و لە ژینگەی دەوروبەرەوە ئاراستەمان دەکرێت بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین بەرانبەر بەو ئەرکەی لەسەر شانمانە، بەمەش وا دەکات زیاتر سەرنجمان لەسەر کارە کانمان بێت. هاندەرەکان دەشێ ئەرێنی بن و هەندێك جاریش دەشێ نەرێنی بن، بۆ نموونە کاتێک کەسێک هانت دەدات بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە یاخود واز لە هەوڵ و کۆششەکانی بهێنیت و بیوەستێنێت لە برەودانی خودی و سەرکەوتنەکانی. وشە و ڕستەکانی هاندان ڕۆژانە دەبیستین چ لە لایەن خێزانەوە بێت یان کۆمەڵگە یان لە شوێنی کار، بۆ نموونە ئەو وشانەی بە مەبەست هاندان بە کاردێن وەک (هەوڵدەن، تێکۆشان، بۆ پێشەوە، بوەستە، مەیکە، بیسڕەوە... هتد.). نموونەی ئەو ڕستانەی کە بۆ هاندان بە کاردێن وەک:

-بە هۆی لێهاتوویت لە کارەکەتدا خەڵاتت دەکەم.

-دەنگ بدەن. دەنگدان مافی ڕەوای هەموو تاکێکە.

-وڵات بپارێزن و ئاوەدانی بکەنەوە.

-هاوڵاتییانی ماندوونەناسی ئەم شارە جێگای دەسخۆشین.

دیارە شاعیرانی کورد شیعرەکانیان بە دەرنەبووە لە دەربڕینی وشە و ڕستە هاندەرەکان و وشیارکردنەوەی تاکی کورد وەک:

-لە خەو هەستن میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تاریخی عالم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە  (ئەحمەد موختار جاف، ٢٠١٦: ل٧٨)

-گوڵێک شیرینتر لە خونچەی بەهار

ناسکتر جوانتر لە شەوبۆی بەهار

گەشتر لە دیدی وەنەوشەی نزار

گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی

مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی          (بەختیار زێوەر)

-بە شیر و خامە دەوڵەت پایەدارە

ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە     (حاجی قادری کۆیی)

-دەستم دامێنت  ئەی میللەت لە خۆت هەرگیز نەبی بایی

-نەهێڵی خوێنی لاوانت بڕژێ بە خۆڕایی     (ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١١: ٦٧، ٨٣، ٩١)

**٢-٢- وشە و ڕستەکانی خۆشەویستی و پاڵپشتی:**

ئەو وشە و ڕستە جوانانەن کە خۆشی و خۆشەویستی دەخەنە دڵان و دەبنە مایەی ئاسوودەیی و دڵنیایی گوێگر، هەروەها نزیکی و دڵسۆزی هەستەکانی قسەکەر دەردەخەن، بەمەش ئەو کەسەی کە دەستەواژەکانی خۆشەویستی و پاڵپشتی گوێبیست دەبێت هەست بە بوون و بەهای خۆی دەکات و  پێی کاریگەر دەبێت. ئەم جۆرە دەربڕینانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەیوەندییە کەسییەکان و گەڕاندنەوەی هیوا بۆ دڵە بێ هیواکان، وساڕێژکردنی برینەکانیان. نموونەی ئەو وشانەی کە دەربڕین لە خۆشەویستی و پاڵپشتی دەکەن وەک (خۆشەویستم، ئازیزم، جوانکیلەکەم، گوڵەکەم، دڵەکەم، چاوەکەم، گیانەکەم...هتد). نموونەی ڕستەکان:

-بە بینینت دڵخۆشم.

-تەنیا نیت و من لەگەڵتم.

-شوێنی تۆ لەناو دڵما.

-تۆ هەمیشە لەگەڵمی.

-خۆشم دەوێی.

-هەموو ساتێک لە بیرمی.

-ئەو پەیمانەی پێم داوی هەرگیز نایشکێنم.

-خۆشەویستی تۆ جوانترین دیاری خوداییە بۆ من.

-ئامادەم لە پێناوی تۆدا هەموو ئازارێک بچێژم.

-ڕوخسارت خەمڕەوێنە.

-دیدار و بینینت دڵخۆشکەرە.

**٢-٣- وشە و ڕستەکانی سوپاسگوزاری و ڕێز :**

یەکێک لە جوانترین دەربڕینە زمانییەکان سوپاسگوزاری و ڕێزە کە وەک پاداشتیکی گرانبەهای زمانی دەیبەخشیت بەو کەسەی هاوکاری کردووی و لە ڕۆژە سەختەکاندا لەگەڵتدا بووە. ئەو بەرز نرخاندن و پێزانینەی تۆ بۆ کارەکانی وای لێ دەکات بەردەوامی بە کارە باشەکانی بدات و گیانی هاوکاری بە زیندووی تێدا بهێڵێتەوە، بەمەش نزیکبوونەوەی نێوان مرۆڤەکان و ڕێژەی خۆشەوستی تێیاندا زیاد دەبێت. ئەو وشانەی بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاری و ڕێز بەکاردێن بریتین لە (سوپاس، دەستخۆش، بەڕێزم، بژیت، بە زیاد بێ، خوا نەیبڕێ، هەر بمێنن...هتد).

نمونەی ڕستەکانی دەربڕین لە سوپاسگوزاری و ڕێز دەکەن:

- سوپاست دەکەم.
- چاکەت لەبیر ناکەم.
- بەخشینی ئێوە ئێمەی پێگەیاند.
- چاکەی ئێوەمان بەسەرەوەیە.
- جەنابتان ڕێگاکەتان زۆر بۆ ئاسان کردووین.
- خودا پاداشتی بەخێرتان بداتەوە.
- شایانی ڕێز و حورمەتن.
- تەندروست و لەش ساغ بن.
- سوپاس کە پشتیوانیتان لێ کردین.
- قەرزاری ئێوەمین.
- منەتبارین.

**٢-٤- وشە و ڕستەکانی هیوابەخش و گەشبینی :**

جۆرە هونەرێکی دەربڕینە کە وەک چرایەک بەردەمی تاریکی مرۆڤەکان ڕووناک دەکاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەختیەکانی ژیان و دووبارە هەستانەوە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی دروست بۆ کێشەکان. مرۆڤ هەر کاتێک وشە و ڕستەکانی هیوابەخش وگەشبینی ئاراستە بکرێت لە لایەن بەرانبەرەوە یان بیان خوێنێتەوە، یەک ڕاست ئاسوودە دەبێت و دەدرەوشێتەوە، و ترس و دڵەڕاوکێی نامێنێ. هیوا دانانی پلان و ئامانجە لە بیری کەسەکاندا، و گەشبینی بیرکردنەوەی ئەرێنی تاکەکانە، بەیەکەوە هێزێکی دەروونی پتەو بە مرۆڤ دەبەخشن. لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش زۆر جەخت لە گەشبینی کراوەتەوە هەر وەک خوای گەورە دەفەرمووێ (فإن مع العسر يسرا) (الشرح، ئایەتی ٥: ٥٩٦). بەمەش

دەستکەوتەکانمان لە هەموو بوارەکانی ژیان باشتر دەبێت و زۆربەی ئەستەمەکانمان بۆ دەبێت بە ڕاستی. نموونەی ئەو وشانەی کە بۆ دەستەواژی گەشبینی و هیوا بەخشی بە کار دێن (خوا یار بێت، باشە، ئاسانە، دەکرێت، دەشێت، دەتوانین، دەبێت، تاقی دەکەینەوە...هتد)

نمونەی ڕستەکانی هیوا و گەشبینی:

-هەموو شتێک باش دەبێت.

-بە زەردەخەنەوە سەیری دونیا بکە.

-هیوا و گەشبینی لە درزە بچووکەکانەوە ڕووناکییە گەورەکان دەبینن.

-لە هەموو کەوتنێک دەرفەتی نوێ وەربگرە.

-بە خەمی بەیانی ڕۆژەکەت بارگران مەکە.

-خودا لەگەڵمانە.

-مانگ تاهەتایە لەژێر هەورەکاندا نامێنێت.

-لە دڵەوە هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

-سەرفراز بن.

**٢-٥- وشە و ڕستەکانی وزە بەخشەکان :**

دەستەواژەی پاڵنەر و وزە پێدەرن بۆ ڕەواندنەوەی نائومێدی، و گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی کەسەکان، و کۆکردنەوەی سەرنجیان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان، و دەستەبەرکردنی داهاتوێکی پڕشنگدار، چونکە ئاراستەکردنی دەستەواژەکانی ووزە بەخش وا لە کەسەکان دەکات بە ئامانج و ویستەکانیاندا بچنەوە و داهێنان بکەن لە هەموو بوارەکانی ژیانیان، و بە وروژاندن و چالاککردنی مێشکیان کارامەیی و لێهاتووی خۆیان بۆ خۆیان و دەوروبەریان بسەلمێنن. نموونەی ئەو دەستەواژانەی کە ووزە بەخشن (هیوا، سۆز، داهێنان، ئاڵنگاری، پێداگری، سەرکەوتن، ئازادی، هێز، پەرەپێدان، ئیمان...هتد).

نمونەی ڕستە وزەبەخشەکان:

-من سەردەکەوم.

-داوا لە خودا دەکەم هەموو کارێکم بۆ ئاسان بێت.

-تەواو ئامادەم.

-من شایەنی باشترین ئاستی گرنگی پێدانم.

-دەگەم بە هەموو ئاواتەکانم.

-بەهێزم.

-من دەتوانم هەموو کاری خۆم جێبەجێی بکەم.

**٢-٦- وشە و ڕستەکانی ڕەخنەی نەرێنی :**

وشە و ڕستەی ڕەخنەی نەرێنی بریتین لەو دەربڕینانەی کە دەبنە مایەی ڕووخان و نەمانی متمانە و ئازار بۆ کەسی بەرانبەر کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیرەیی یان نەزانی یان نەبوونی هۆشیاری ڕەخنەگر. ڕەخنە نەرێنییەکان بە زۆری لە کاتی توڕەییدا ئاڕاستەی لایەنی بەرانبەر دەکرێ و پەنجە دەخاتە سەر کەموکورتییەکانی و لە بەهای کەسەکە کەمدەکاتەوە، بۆیە پێویستە زۆربەی کات گوێ بەم جۆرە ڕەخنانە نەدرێت، چونکە دەربڕی ئەم جۆرە ڕەخنانە ڕاستییەکان دەشێوێنن بە مەبەستی سووکایەتی کردن بە گوێگر بە کاری دەهێنن، بە گرنگیدان و سەرنجدانی وشە و ڕستە کاریگەری نەرێنی بەهێز لەسەر دەروونی کەسەکان بەجێ دەهێڵن، لەگەڵ ئەوشدا هەندێک کاتیش پێویستە لە ڕەخنەکانیان وردبینەوە و سەرنج بدەین بە مەبەستی خۆڕێکخستنەوە و چاککردنی ئەو کەموکورتییانەی هەمانە و کار لەسەر خۆمان بکەین. بەشێک لەم نموونانەی کە ڕەخنەی نەرێنی لە خۆ دەگرن بریتین لە (نازانی، خەیاڵە، ئەستەمە، دەیشکێنی، دەیڕوخێنی، گرانە، نابینی، کەری، کوری...هتد).

نمونەی ڕستەکان:

-هەرگیز بە ئامانجەکەت ناگەی.

-بە هیچ شێوەیەک فێر نابی.

-ڕوخسارت زۆر (ناشرینە، لاوازە، قەڵەوە...هتد).

-من لە تۆ (باشترم، زیرەکترم، بوێرترم...هتد).

-لە ئاست ئەم ئەرکەدا نیت.

**٢-٧- وشە و ڕستەکانی لێبوردەیی ڕاستەقینە :**

بریتییە لەو دەربڕینە نەرمەی زمانی کە بە مەبەستی دژایەتی دەرنەبڕێن بەرانبەر بە گوێگر دەردەبڕدرێت. لێبووردەیی زاراوەیەکی باوی زمانییە ڕۆژانە تاکەکان لەناو کۆمەڵدا لە بەرانبەر یەکتر بەکاری دەهێنن بە مەبەستی ڕاگرتنی دڵی بەرانبەر و ڕەچاوکردنی باری دەروونی تاکەکان. لێبووردەیی بە کردەیەکی پەسەندکراوی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونی دادەنرێت، و لە لایەن کەسی بە ئاگاوە دەگوترێت و بە بڕیارێکی ئاوەزی هەژمار

دەکرێت بەرانبەر بەو کەسانەی کە زیانی دەروونییان پێگەیاندووە. وشە و ڕستەکانی لێبوردەیی دەبنە هۆی هێورکردنەوەی بارودۆخە دژوار و ئاڵۆزەکان و خستنەڕووی هەست و سۆزی قسەکەر بەرانبەر بە گوێگر، کە دواجار ئارامی و خۆشەویستی لێ دەکەوێتەوە و بەردەوامی بە پەیوەندییە کەسییەکان دەدات و ڕق و قینە ناهێڵێت و دەروون و مێشک ئارام دەکاتەوە. نموونەی ئەو دەستەواژە و ڕستانەی بە مەبەستی لێبووردەیی بەکاردێن بریتین لە (ببورن، دووبارە نابێتەوە، بمبەخشن، من هەڵە بووم...هتد).

–بمبورن، بە لێبوردن دڵەکان لە ڕق پاک دەکرێنەوە.

–لێبوردن هەوێنی خۆشەویستییە.

–هەموو کەسێک هەڵە دەکات، بۆیە لێم خۆش بن.

–لێبوردەیی کاری مرۆڤە مەزنەکانە.

–لێبوردەیی ئازادکردنی ڕۆحە لە زیندان و دژوارییەکان.

–تەنیا دڵە گەورەکان لە کردەی لێبووردەیی تێدەگەن.

–مرۆڤە ژیرەکان دەبوورن.

–لێبوردەیی بەشی یەکەمە لە دادوەری.

–لێبوردەیی شەرمەندییە.

**٢–٨– وشە و ڕستەکانی باوەڕبەخۆبوون :**

بریتییە لە گرنگترین جۆری دەربڕین کە وادەکات باوەڕمان بە زانین و شارەزاییەکانمان بێت، و بوێرانە بەسەر بارودۆخە جیاوازەکاندا زاڵبین، و هەنگاوەکانمان بەرەو پێشەوەبچن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سەختییانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دێتەپێشمان، هەروەها وا دەکات خۆمان پێ قبوڵ بێت بەو شێوەیەی کە هەین و خاوەن ناخێکی بەهێزبین. وشە و ڕستەکانی باوەڕبەخۆبوون واتای خۆبەزلزانی ناگەیەنێت، بەڵکو هێزێکی دەروونی بەهێزە مرۆڤەکان بەرەو ئامانجەکانیان دەبات. نموونەی ئەو وشە و ڕستانەی کە بۆ مەبەستی باوەڕبەخۆبوون دەردەبڕدرێن بریتین لە (دەتوانم، سەرکەوتووم، داهێنەرم، زیرەکم، نایابم...هتد).

–شایەنی باشترینم.

–دەستکەوتەکانم جێگای شانازین.

–بە خەونەکانم دەگەم.

–ڕازی دەکەم.

-باوەڕم بە تواناکانم هەیە.

-باوەڕێکی بەهێزم هەیە.

-بەهێزەوە ڕووبەڕووی سەختییەکانی ژیان دەبمەوە.

**٢-٩- وشە و ڕستەکانی فشار کەمکردنەوە :**

بریتین لەو دەربڕینانەی لە کاتی هەڵچوونی کەسەکان بەهۆی فشارەکانی ژیان وەك (کار، کۆمەڵگە، خێزان، نەخۆشی...هتد) دەگوترێن بە مەبەستی کەمکردنەوەی فشارەکان و ئارام کردنەوەی کەسەکان ئەویش بە گۆڕینی ئاراستەی فشارەکە بۆ بارێکی ئەرێنی و هێمنی بۆ ئاسایی کردنەوەی لایەنی دەروونی کەسەکان. ئەو دەستەواژانەی بۆ کەمکردنەوەی فشار بەکاردێن بریتین لە (ئاشتی، ئارامی، هێمنی، بێ دەنگی، چارەسەر، چاک دەبێت، تێدەپەڕێت...هتد).

-ناوی خوا بێنن.

-ئاگاداری خۆتان بن، بۆ تەندروستیتان باش نییە.

-هێمنی بپارێزن.

-ئارام بن، چارەسەرێکی بۆ دەدۆزینەوە.

-دڵنیات دەکەمەوە کێشەکە چارەسەر دەبێت.

-خوا گەورەیە، چاک دەبیتەوە ئیشاڵڵا.

-تێدەپەڕێت بە ئیزنی خودای گەورە.

-بە یارمەتیتان، دەنگ بەرز مەکەنەوە.

-دۆخەکە کاتییە و تێدەپەڕێت.

**٢-١٠- وشە و ڕستەکانی ئاشتکردنەوەی خود:**

دەربڕینی هەستێکی ئەرێنییە وەک چۆن بەرانبەر بە کەسێکی خۆشەویست دەری دەبڕین، ئاواش بەرانبەر بە خۆمانی دەردەبڕین، واتە ئاشتکردنەوەی خودی ڕێزگرتنە لە ویست و داواکارییەکانمان و زاڵبوون بە سەر خووە نەرێنییەکان و ئەو دەنگە نەرێنییانەی لە ناخماندا خۆیان ماتداوە، بیان گۆڕین بە دەستەواژەی ئەرێنی و ووزەدارەکان بۆ ئەوەی زۆربەی لایەنەکانی باشتر بکەین، چونکە مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ خودی خۆی ئاشت نەبێت ناتوانێت لەگەڵ دەوروبەرەکەشی ئاشت بێت. نموونەی ئەو دەستەواژانەی کە لەم بوارەدا بە کاردێن (باشم، دڵخۆشم، بەڕێزم، نایابم، بە بەهام، گرنگم، خۆشەویستم...هتد).

-من خۆمم خۆش دەوێ.

-من خۆمم قبووڵە.

-من بەها و گرنگی خۆم دەزانم.

-من ڕێزی خۆم دەگرم.

-بڕیارەکانم دروستن.

-شایانی باشترینم.

-شانازی بەبوونی خۆم دەکەم.

-من گرنگی خۆم دەزانم.

**ئەنجام**

١.هێزی دەروونی وشە و ڕستە واتایەکی تاکەکەسی و خودییە تێکەڵی هەست و سۆز دەکرێت و بارگاوی دەبێت بەپێی بەرژەوەندی کەسەکان و کاریگەریکردنە سەر بەرانبەر بە مەبەستی سوود گەیاندن بێت یان زیان گەیاندن بێت.

٢. قسەکەر (نێرەر) واتای وشەکان پەیوەست دەکات بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و پەیوەندی پێشینەی لەگەڵ تاکەکان، بۆیە لە سروشتی بەکارەێنانی، واتای فەرهەنگی دەگۆڕێت بۆ واتای دەروونی بەپێی چوارچێوەی دەروونی و کۆمەڵایەتییەکەی گوتنەکەی تێدا دەردەبردرێت.

٣.پلەکانی کاریگەری وشە و ڕستەکان لە کەسێکە و بۆ کەسێ تر دەگۆڕێت بەپێی لێهاتوویی و دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانی کەسەکان لە بەکارەێنانی زماندا، و ڕادەی تێگەیشتن و درککردنی بەرانبەر بە جۆر و شوێنی گوتنەکە دەگۆڕێت و لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکەشی دەگۆڕێت.

٤.فاکتەرەکانی بارگاوی وشە و ڕستە بە (دووبارەبوونەوە، لێڵی، ئەزموونی کەسی، ناونان، ڕێکخستنی ڕستە، لادان، دەوروبەر)ن، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی خودی و زاڵبوونی قسەکەرە بەسەر گوێگر بە مەبەستی (ڕازیکردن، هەڵخەڵەتاندن، شاردنەوەی بەشێک لە ڕاستییەکان، ترس، ئاسایش...هتد).

٥.هێزی دەروونی وشە و ڕستە بارگاوییەکان بریتییە لەو توانا دەروونییەی کە قسەکەر بەکاری دەهێنێت و ئاراستەی گوێگری دەکات، یاخود خودی کەسەکە ئاراستەی خۆی دەکات، جا ئەگەر بە لایەنی ئەرێنی بێت، وادەکات کەسەکە لە ئامانج و هیواکانی نزیک بێتەوە و بەردەوام بێت لەسەر هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە دیەوێت،

بەپێچەوانەوشەوە، ئەگەر بە مەبەستی نەرێنی بێت، ئەوا دەبێتە هۆی شڵەژانی دەروونی و وەستانی لە کاروانی پێشکەوتنی ژیاندا.

**سەرچاوەکان (المصادر)**

**سەرچاوە بە کوردی (المصادر الكردية):**

**پەرتووک:**

١.محمد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل١٦٣-١٦٤.

٢.عەبدولواحد موشیر دزەیی، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١١، ل ١١٠.

٣.ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٢٢، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٧.

٤.عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی پڕاگماتیک، چاپخانەی پاک، هەولێر، ، ٢٠١١، ل٣.

٥.عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥، ل٤٧.

٦.عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١١، ل١١٣.

٧.سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، ژمارە ٦٠، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠٣.

٨.عزالدین مستەفا ڕەسوڵ، دیوانی ئەحمەد موختارف جاف، چاپخانەی تاران پەنجەرە، ٢٠١٦، ل٧٨.

٩. ئیدریس عەبدوڵڵا، شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل٨٦.

١٠. عەبدولواحید موشیر دزەیی، زانستی سیمانتیک، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥، ل٨٩.

**گۆڤارەکان:**

١.گۆڤاری زانکۆی گەرمیان: بەدرخان سلێمان عەلی، هێمن کاکە حوسێن، ڕۆڵی کردە ئاخەوتەییەکان لە هونەری ڕازیکردندا، بەرگ ٩، ژمارە ٣، ٢٠٢٢، ل١٤٢.

٢.گۆڤاری زانکۆی گەرمیان: هیوا ئەحمەد عەساف، ڕۆڵی کردە قسەییەکان لە ڕازیکردندا، ژمارە ١، بەرگ ٣، ٢٠٢٣، ل٢٠٩.

٣.گۆڤاری زانكۆی سلێمانی: بەکر عومەر عەلی، ئاڤێستا کەمال مەحمود، پەیوەندی سیمانتیك و لۆژیك لە ڕستەی کوردیدا، ژمارە ( ٢٦) بەشی B، ٢٠٠٩، ل٢٧.

٤.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی: شاخەوان جەلال فەرەج، شێوەکانی دووان لە دەقی زمانیدا، ژمارە ٤٧، بەشی B، ٢٠١٥، ل٧٧.

نامەی ماستەر:

١.ناز ئەكرەم سەعيد، كردە قسەييەكانى هێوركردنەوە لە دەربڕيندا، زانكۆى سلێمانى، زمان، ٢٠١٣، ل٤٣.

٢.تاڤگە عومەر حەمە ساڵح، زمان وەك داهێنانێكى تاكەكەسى لاى مەحوى، كۆلێژى زمان، زانكۆى سەڵاحەددين، ٢٠٠٩، ل١٠٩.

**Kurdish References (Trnalsted into English):**

**Books:**

1.Mohammed Maroof Fatah, Linguistics, Third Edition, Haji Hashim Printing House, Erbil, 2011, pp. 163-164.

2.Abdulwahid Mushir Dizayi, Semantics of Words and Sentence, Second Edition, Mardin Printing House, Erbil, 2011, p. 110.

3.Sajida Abdullah Farhadi, Some Linguistic Researches, Kurdish Academy Publications, No. 222, Erbil, 2013, p. 37.

4.Abdulwahid Mushir Dizayi, Pragmatics, Pak Printing House, Erbil, 2011, p. 3.

5.Aziz Gardi, Rhetoric in Kurdish Literature, Volume 2, Municipal Printing House, Erbil, 1975, p. 47.

6.Abdulwahid Mushir Dizayi, Semantics of Words and Sentence, Second Edition, Mardin Printing House, Erbil, 2011, p. 113.

7. Sabah Rashid Qadir, Some Aspects of Grammar of Power and Connection (GB) in Kurdish, No. 60, Haji Hashim Printing House, Erbil, 2009, p. 103.

8.Ezaddin Mustafa Rasul, Diwan of Ahmad Mukhtarf Jaf, Tehran Panjara Printing House, 2016, p. 78.

9. Idris Abdullah, Style and Stylistics, First Edition, Rojhelat Printing House, Erbil, 2011, p. 86.

10. Abdulwahid Mushir Dizayi, Semantics, First Edition, Erbil, 2015, p. 89.

**Journals:**

1.Garmiyan University Journal: Badrkhan Sulaiman Ali, Hemn Kaka Hussein, The Role of Oral Actions in the Art of Persuasion, Volume 9, No. 3, 2022, p. 142.

2.Garmiyan University Journal: Hiwa Ahmad Assaf, The Role of Verbal Actions in Persuasion, No. 1, Vol. 3, 2023, p. 209.

3.Sulaimaniyah University Journal: Bakr Omar Ali, Avesta Kamal Mahmood, Semantics and Logic Relationship in Kurdish Sentence, No. (26) Part B, 2009, p. 27.

4. Sulaimaniyah University Journal: Shakhawan Jalal Faraj, Speaking Forms in Language Text, No. 47, Part B, 2015, p. 77.

**Master's Theses:**

1.Naz Akram Saeed, Verbal Acts of Calming Expressions, University of Sulaimaniyah, Language, 2013, p. 43.

2.Tavga Omar Hama Salih, Language as an Individual Invention for Mahwi, College of Language, Salahaddin University, 2009, p. 109.

سەرچاوە بە عەرەبی (المصادر العربية):
١. القرآن الكريم، سورة الشرح، الآية (٥)، ص٥٩٦.
٢.جون لاينز، علم الدلالة، ترجمة مجيد عبدالحليم الماشه وآخرون. مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٠، ص١٦.

سەرچاوە بە ئینگلیزی (المصادر الانكليزية):
1.Crystal, D. A., A Dictionary of Linguistics and Phonetics, third edition, London, Blackwell Publishers, 1992, P.17.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٥